
راوێژکارێکی سودانی: ئەمریکا بەردەوام داوای دواخستنی کشانەوەی هێزەکانی دەکات



راوێژکاری سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ کاروباری ئەمنی رایگەیاند، لیژنەیەکی سەربازی هاوبەشی عێراقی – ئەمریکی پێکهێنراوە بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی کشانەوەی هێزە بیانییەکان لە عێراق، زیاتر لە جارێکیش وادەی کشانەوەی ئەو هێزانە دیاریکراوە، بەڵام بەردەوام ئەمریکا داوای کردوە دوابخرێت.

خالد یەعقوبی راوێژکاری سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ کاروباری ئەمنی بۆ ئاژانسی هەواڵی عێراقی راگەیاند، محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە سەرەتای دەستبەکاربونیەوە جدی بوە لە چارەسەرکردنی دەسیەی بونی هێزەکانی هاوپەیمانی نەودەوەتی لە عێراق.
ئاماژەی بۆشکرد، ئەو هێزانە لەسەر داواکاری حکومەت لە عێراقدا ماونەتەوە و لە مانگی (ئاب/8)ی ساڵی رابردو لیژنەی سەربازی هاوبەشی بۆغدا و واشنتن توژینەوەیان لەسەر ئەو بژاردانە کرد کە پێیوستن بۆ چەکردنی خاکی عێراق لەلایەن سەربازە بیانییەکانەوە.
ئاوشی خستەو، لەبارەی کاروباری ئەو لیژنەیەوە لایەنی عێراقی هەمو پابەندیەکانی ئەنجامداوە، حکومەتی عێراقیش زیاتر لە جارێک هۆی دانانی وادەیەکی دیاریکراوی بۆ کشانەوەی هێزە بیانییەکان داناوە، بەڵام ئەمریکا بەردەوام داوای کردوە وادەکە دوابخرێت، هەرچەندە هەکارەکانیشی بۆ لایەنی

عیراقی سەرنجراکێش نەبوو.